کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 13:00 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## ئاوریک لە گووزەرانی پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بدە نە وە

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان تێکڕای وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان

بەڕێزان ڕێکخراوە حکومی و مەدەنیەکانی کوردستان

دوابەدوای بەرەو خراپترچوونی بارودۆخ و گووزەرانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمپەکانی کاوە و باریکە و (... )، درێژەکێشانی ئێشوئازاری ئەو پەنابەرانە، یارمەتیدان و بەتەنگەوە چوونیان کارێکی خێرا و هیممەتێکی گەورەی پێویستە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کارەساتە بهێنرێ.

هەموو ئەو پەنابەرە بەڕێزانە هاوزمان و هاوڕەگەز و هاوچارەنوسی ئێمەن. دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە هەموو دەزگا حکومی و مەدەنیەکانیەوە بەرامبەر بەرپرسێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی دان لە ئاستی ئەو پەنابەرانەی کە لە سادەترین مافی مرۆڤبوون بێ بەشن. ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نەخۆشی و ئاستەنگی ژیان دەبنەوە، بەردەوامبوونی ئەو کارەساتەی کە ئەو پەنابەرانە تێیدان، کۆمەڵێك پرسیاری گەورە بەرامبەر تەنانەت نەتەوەبوونی کوردیش دەوروژێنێ، سەپاندن و بەحەقیقەتکردنی ئەو سنوورە دەسکردانەی کە دوژمنانی کورد سەپاندوویانە دەسەلمێنێ. منداڵانی بێنازی ئەو کەمپانە کە نەوەی دواڕۆژی ئەو نەتەوەیەن دەبێ چ یادەوەریەکی ناخۆش بەرامبەر نەتەوەکەیان و ئەو دەسەڵاتەش کە لە باشووری کوردستان هەیە هەڵبگرن؟ بۆیە بە ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانی دەزانین کە کارێکی بە پەلە و بێ دواکەوتن بۆ چاکردنی باری گوزەران و تەندروستی و پەروەردەیی ئەو پەنابەرانە بکرێ، چیتر چاوەڕێی خەڵك نەبن بۆ باشکردنی بارودۆخیان. هەروەها لەڕێی ئێوەوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر دەزگا پەیوەندارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەو پەنابەرانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بە پەلە.

ناوەندی چاك خوازیارە لە دەسەڵاتی هەرێم هەنگاوی بە پەلە بهاوێژێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە و کۆتایی هێنان بەو کارەساتە مرۆیی و نەتەوەییە. لەو هەنگاوانەش:

1- چارەسەری کێشە هەنووکەیی و بەپەلەکانی پەنابەران لە ڕووی تەندروستی و بژێوی.

2- ئاسان کردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دۆزینەوەی کار بۆ هەموو ئەوانەی کاریان نیە و دەتوانن کار بکەن.

3- بڕینەوەی مووچەیەکی گوونجاو بۆ هەموو ئەوانەی کە پەککەوتە و کەمئەندامن.

4- بە پێی نەخشەیەکی گوونجا و پلانێکی ئامادەکراوی بۆ نموونە دوو ساڵی، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ و گواستنەوەی تێکڕای پەنابەران بۆ ئەو کۆمەڵگایە، کە هەموو مەرجەکانی بژێوی هاوچەرخانە و خەستەخانە و قوتابخانە لە خۆ بگرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5- ئەو پەنابەرانە بۆ چارەکە سەدەیەك دەچێ لە عیراق و لە کوردستانن، بە پێی هەموو پێوەرە یاسایی و مرۆییەکان مافی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەیە بۆ ئەوەی چیتر لەبەر نەبوونی دۆکومێنتی مانەوە کۆسپیان بۆ دروست نەکرێ. بۆیە ناوەندی چاك داوا لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەکات بە پەلە ڕەگەزنامە و دۆکومێنتی پێویستیان پێبدرێ. حکومەتی عیراقیش لەو پرسە بەرپرسە، چونکە ئەو پەنابەرانە دەرئەنجامی شەڕی کاولکارانەی ڕژێمی پێشووی عیراقن و بەشی هەرەگرنگی ئەو بەرپرسیاریەتە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی ئەمڕۆی عیراق.

6- بۆ ئەم مەبەستانەش دەتوانرێ داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی ماددی و پشتیوانی پێویست بۆ ڕاپەڕاندن و ئاسانکردنی ئەو پڕۆژەیە. هەروەها داوا لە حکومەتی عیراقیش بکرێ بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی ماددی پێویست.

7- داوا دەکەین کە بە پەلە لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکبهێنرێ بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ئەو خاڵانەی سەرەوە. ناوەندی چاکیش ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی هەر پێویستیەك و پشتیوانیەك کە لەدەستی بێت و لە توانایدا هەبێت.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی کورد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.